پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کاتێک بۆ دەست بەئاو گەیاندن دەچوو، من وتازە پێگەیشتوویێک ئاو ودار گۆچانێکمان بۆ هەڵدەگرت؛ وبە ئاوەکە تارەتی دەگرد

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کاتێک بۆ دەست بەئاو گەیاندن دەچوو، من وتازە پێگەیشتوویێک ئاو ودار گۆچانێکمان بۆ هەڵدەگرت؛ وبە ئاوەکە تارەتی دەگرد».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەو وخزمەتکارێکی هاوتەمەنی شوێنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکەوتن ئەگەر دەربچووایە بۆ دەست بەئاو گەیاندن، وگۆچانێکیان لەگەڵ خۆیان دەبرد کە سەرەکەی وەکو سەری ڕم وابوو بۆئەوەی پارچە قوماشێکی پێوە هەڵبواسن ودایبپۆشێت لەکاتی دەست بەئاو گەیاندنیدا، هەروەها وەکو سوترەیەك -بەربەستێك- بەکاری دەهێنا لەکاتی نوێژدا، هەروەها کوندەیەکی لە پێست دروستکراوی بچووکیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرت کە پڕ بوو لە ئاو، ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەرئاوکردنی تەواو بکردایە یەکێکیان کوندەکەی پێدەدا وتارەتی بە ئاوەکە دەگرد.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3030